# تاڵ و شیرین لە ڕێگای ژین

**سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

ئەگەر لە وڵاتی پانوبەرینی بە پیت و بەرەکەتی دابەشکراوی کوردستانەکەماندا، هەر نەختۆکەیەک وردبینەوە و بە سەرنجەوە گوێ بۆ ئاواز و مۆسیقا هەڵخەین، دڵی خۆمان بدەینە بەیت و باو و نەقڵ و نەزیلە و حەقایەت و وردە چیرۆکان؛ ئەوە بە دڵنیاییەوە بۆمان دەردەکەوێ خەڵکی ئەو وڵاتە کەونەنشینە هەر لە پێشینیانەوە بە نێر و مێوە، هەستیار و هونەرمەند و دەنگ خۆش و بەیت بێژ و شاعیرن.

ئێستاش کە ئەوەی لە دنیای ئەمڕۆکەدا گرنگە و توێژەر و کۆمەڵناسان لێی دەکۆڵنەوە و زۆری و بۆری لە خاس و مۆر هاوێر دەکەن، زێڕی بێخەوشی لە کۆشی ئەم خاکە پچڕ پچڕکراوەدا لە کەو و بێژنگ دەدەن و خۆڵەکەوە و گڵی دادەبێژن، ئەڵماسی نەسواوی لەو کۆیەدا وەسەر گێژەو و بێژەو دەکەوێ و مانگ لە کەل سەرهەڵدێنێ و لەگەڵ دوا گزینگی بەیان، خۆر لە ئاسۆ دێتە دەرێ و ئاشکرا دەبێ؛ کەوا ئەم گەلە بندەستە بۆچی و چۆنە ئاوا هەزاران ساڵە زمانی ڕەسەنی خۆی پاراستووە و تەمەرێز و ژەنگ و غەوری ڕۆژگار پێی نەوەستاوە و لەهو لافاوی زار و زمانی چنگ ڕەشان و زۆردار وەبنی نەداوە؟!

سا ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە هەرچەندیش بە کورتی بێ لەسەری بدوێم، سووکەڵە باسێکە لە سەر نووسینەوەی خولیا و ئاواتەکانی ئەو کەسانەی هەستیان جووڵاوە و دەستیان قەڵەمی گرتووە؛ بوێرانە بە زمانی دایکی بەرامەی گوڵاوی بیر و هزر و خەونەکانیان گرتووە و نەیانهێشتووە لە ژێر تاڤگەی ڕەشی شەودا بزر بێ، بەڵام لەولاشەوە بەتایبەت لەم کوردستانەدا ئەو کەسانەی هەر چکێک دەنگ و سەدایان خۆش بووە، پەردەی ڕەشیان دادڕیوە و تێیان چریکاندووە و لەمەڕ

خۆشەویستی و حەز و دڵداری و ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێن و خەم و خۆشییەکانەوە، لە گۆڕ پەڵەهەوری ئاماڵ شین، بە شین و شەپۆڕ و جار جارەش بزەچێن و بە وردە قاقایەک و لێو ترووکانێک، دەلاقە و دوودەری دڵیان کردووەتەوە و قفڵی دڵیان ترازاندووە. چریکەیان لە کەژ و کۆساران دەنگی داوەتەوە.

گەلۆ: ئەو گەلانەی کە بە تایبەت بۆ خۆیان ژیاون و زووتر ئاڵاّیان شەکایەوە و ناسنامەی وڵاتیان چووە ڕیزی وڵاتانەوە، هەستیار و نووسەریان خێراتر ناسراون و شیعر و چیرۆک و بیرەوەریان بە زمانە زیندووەکان لە دنیادا وەرگێڕدراوەتەوە و گەلان بە گشتی خوێندوویانەتەوە و ناو و ناوبانگیان بووەتە بنێشتەخۆشکەی سەر زار و زمانان.

کتێبی (تاڵ و شیرین لە ڕێگای ژین) هەشتێ لە مشتێکە لە نووسراوەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا «عەبدوڵلا ئیسفەندیاری» ، ئەم کتێبە دارماڵە لە بیرەوەری نووسەر. کتێبەکە بە ٢٩٢ لاپەڕەوە لە ساڵی ١٣٩٥هەتاوی (٢٠١٦ز)، چاوی بە دنیای بێ خوێنەر و تامەزرۆیی بێ بارە هەڵێناوە، لە شاری بۆکان لە چاپخانەی زانکۆ لە دایک بووە. (تاڵ و شیرین لە ڕێگای ژین)، هەروەک لە ناوەکەی ڕا دیارە دەرگایەکە بۆ چوونە ژووریی دنیای پڕ لە ئەندێشە و خەیاڵی نووسەر؛ بیرەوەرییەکانی بەسەر دوو ژانری نووسیندا بەش کردووە، واتە پەخشان و شیعر. ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و خوێنەری ژیر و بەبیر دەباتە سەر دوندی خەیاڵ و لەوێڕا بەرامەی ژینی پێ دەنێژێ و تاڵاوی خەونە نەزۆککراوەکانی پێ دەچێژێ؛ مرۆڤ بەرەو پێدەشتی ژیان گلۆر دەبێ و لە نزمیرا بۆ لووتکە دەڕوانێ، لە خۆی دەپرسێ: ئەرێ ئەوە تۆرەمەی بابادەم چۆن ئەوەندە بەرگەی ئەو هەموو ئێش و ئازارە دەگرێت؟ ئەی خۆزگە هەر ساتێک لە دوای لە دایک بوون، مردنیش هەبووایە! بەڵام نا! نەک هەر بەشەر، تەنانەت هەر هەموو گیاندارێک لە چڵە گیایەکیشەوە ئەگەر سەرنج بدەین بە هیوای ژیان سەر لە خاک دەردێنێ و بۆ ژیان دەژی، بەڵام مرۆڤ هەرچەندە لە نێو گیانداراندا خۆی بە ژیر و وریا دەزانێ، بەشێکی زۆری هەر بە سەری زیندوویی مردووە! بەشێکی زاڵم و زەواڵی ژینە و بە نەهێشتن و کوشتنی ئاژەڵ، تەنانەت هاوڕەگەزی خۆی ژیان دەباتە سەر و فراوێنی گۆشتی لاوانە و شێویشی خواردنەوەی فرمێسک و خوێنی دایک و بابی بێ دەسەڵات و پەککەوتە و مل بەکوێنە، خۆنابێ ئەوەش لە بیر بکەین لە ئەو کەسەی کە زۆردارە و زۆری بەدەستەوەیە، هەر لە خۆڕا نییە و دیارە تەپکەی ناوەتەوە و کەس لە تەڵە و داوی دەرناچێ، کێ لە هەمبەریدا بکۆخێ، ئەوە هەر خۆی میری سەر بڕە و دەزانێ چی بەسەر دێنێ! لەو ڕووبارەی کەوا خۆی دەراوی دیاری کردووە سەری داماو و بێ دەسەڵات، تەنانەت سەر بزێوانیش لە تەرە دەدات و دەیکاتە پرد و بەردەباز و لە چۆمی خوێندا دەپەڕێتەوە، هەر وەک ئاشکرایە دەسەڵاتداران لە کۆنەوە لە ترسی لە نێوچوونی خۆیان لە دژی خەڵک ڕاساون و نەیانهێشتووە کەس لەوان لە سەرتر بێت، چاویان بەرایی نەداوە سێبەری کەس وەسەر ئەوان بکەوێت کە یەکەم هۆکار سەروەت و سامان بووە و دواتریش ئایین، کە دیارە ئەوانیش بێجگە لە پووڵ و پارە لە ڕێچکە و ڕێبازی دین و ئایینەوە سەیتەرەیان خستووەتە سەر خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان، میر و بەگلەران ڕەشوڕووتەڵانی خۆنەویست و گوێ لە مستیان کردووەتە قوڵەچۆماغی خۆیان و ئەوەی وستەی لەبەر دەرهاتبێ، سەرکوتیان کردوون، ئەوسا وەختێ قەمچی و لیس و بەرچیخ لە کاردا بوون و پیاوی پیاویش دیارە



بەهۆی پێمل نەبوونەوە بەڵای بەسەر دێ، هەروەک دەڵێن هەمیشە کار لە پیاوان دەقەومێ!

لاپەڕەی ٣٤ی ئەو ژیان و بەسەرهاتە ڕەنگدانەوەی تاڵیی ژیانی دوو کەسە بە ناوەکانی (عەلی و خەجیج) کە هەروەک هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکان، نوێنەری هەزاران عەلی و خەجیج و دڵدۆڕاوانی ئەویندارە، ئەگەر نووسەری کتێبی (تاڵ و شیرین لە ڕێگای ژین) ئەو بەسەرهاتەی لە چەشنی ڕۆمان درێژە پێدابایە و باڵ و بەری وێ خستبا و لق و بەلی بۆ دانابا، لە سەر شێوازی شەپۆلانی زەین و سیمبۆلیک و ڕۆمانتیک و سوریالیزمی ئەمڕۆیی بینووسیبایە، بێ گومان دەچووە ریزی ڕۆمانە ناودارەکانی فارسی و کوردی وەک: ڕۆمانەکانی گوڵشیری، دانیشوەر، ئەحمەدی مەحموود، دەوڵەتابادی، یاشار کەماڵ و میرزای فەتاح ئەمیری و هەزار ئەشکەوتی عومەر مەولوودی و... حاجی بایزاغا کێ بوو؟ ئاغای ئەوکاتی قوڵقوڵە بووە. کە گوایا لە نێو ئاغایانی هاوچەرخی خۆیدا لە زۆربەی هەرە زۆریان باشتر بووە. لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ من دێتە پێش کە ئەگەر ئاغاوات ئەوە ئەوی باشیان بووبێ، خراپەکەیان چۆن بووبێ و چی کردبێ؟ چوون حاجی ئاغا وەپێش هیچ فەقێیەکی تەنانەت سیپارەخوێن، یان مێزەر سپی نەکەوتووە، تا وابنوێنێ کە کاری بۆرەزای خودایە و لە ڕێگای ئەودا هەنگاو دەنێ، بابزانین لەو مەسەلەی ڕاوێژی حاجی دەرویش و تەڵاقی خەجیجدا هەڵسوکەتی حاجیاغا چۆنە و چلۆن نەخشێک بەرێوەدەبا؟

چەند دێڕ خوارتر، بە دەستووری حاجی ئاغا داری زوڵم دەچەقێنن، گوریسێکی ئەستووری زوڵماوی پێدا شۆڕ دەکەنەوە. لە دوای عەلی دەنێرێ و دەیهێنن، عەلی کە چاوی بە گوریسە ڕەش دەکەوێ، بە بیری دادێ کە ئەو گوریسە لە تاڵە مووی زولفە لۆلۆ و ڕەشەکانی خەجیج هۆنراوەتەوە و بووەتە پەتی سێدارە بۆ گەردنی عەلی ویرانە ماڵ. باقەیەک شووڵی لاوێنی تەڕ کە بۆ هۆنینەوەی ساقۆڕ و سەوەتە هاتبوون، لە پەنای داری چەقاو هەڵپەسێردراوە، عەلی بە دیتنی باڵای ڕاست و بێ گرێوگۆڵی شووڵە لاوێنەکان، باڵای عەرعەری خەجیجی دێتەوە بیر. خۆ ئامادە دەکا بە لەشولار لە ئامێزیان گرێ.»

ئەوە کورتەیەکە لەو پەخشانە چیرۆکەی نووسەر لەسەر خۆشەویستی دوو دڵدار و دەسەڵاتی ئەو حاجی ئاغایەی لە ژێر سێبەری حاجییەتی و دەرەبەگایەتیدا چۆن دەسەڵاتی خۆی بەسەر بێ دەسەڵاتاندا دەنوێنێ، هەروەک ڕوونە بێ دەسەڵات وەختێ دەرەقەتی زۆردار نەهات، لە ناچاریدا پەنا دەباتە بەر تووک و دوعا و نەفرین کردنی زاڵم و خەونی گولی پێوە دەبینێ، کارەکتەرەکانی ئەو بەسەرهاتە لە خودای خۆیان دەپاڕێنەوە حەقیان بستێنێ و ئاور بەربێتە سەر و ماڵی بایزاغا، خاڵی ورد لەو سەرگورەشتەیەدا کە جێی لێ وردبوونەوەیە، مەلای ئایینییە لە بەر ئەوەی لایەنگری بایزاغایە و پارووی چەوری نەبڕێت، بەبێ حوزووری خەجیج دوای فەلاقە و عەزیەت و ئازار، گوشار دەخەنە سەر عەلی و خۆشەویستەکەی بە زەبری زۆر پێی تەڵاق دەدەن کە خەجیج بە هیچ کلۆجێک ڕازی بەو لێک جوێ بوونەوەیە نییە، دڵی هێلانەی عەشقی عەلی بەجێ بێڵێ، ئەوە لێرەدا ئەو ئاورگەمان وەبیر دێنێتەوە کە بە درێژایی مێژوو هەزاران نازدارحەیرانی لە گوێن خەجیج و خاتوونەکانی تێدا سووتان و بوونەتە قەقنەس! با لێرەدا بچینە سەر لاپەڕەی ٥١ و چەند دێڕێک وەخوێنین: «کات دەمەو زەردەپەڕە و ڕووناکیان بەرەو تاریکی خەریکی هەنگاونانن، بەو هەموو ئێش و ئازارەوە خۆرەتاویش لە دیتنی ئەو هەمووە نارەواییە بێزار و وەڕەز بوو، چیدی چاوی بەرایی نەدا ئەو کارەساتە نابەرانبەرانە نزارە بکا و ببینێ.» نووسەری تاڵ و شیرین لە ڕێگای ژین دا بە زمانی پەخشان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی منداڵی و بە وردبینییەوە وەک مێژوونووس و جوگرافی زانێکی لە زەبر شەکری پەیڤی دەشکێنێ و باس لە چۆنیەتی زێدی خۆی، واتە قالوێ باساوەدەلان دەکات و لە خەڵک و ژیان و هاتنی سازندان، واتە لە دۆم و قەرەج ڕا پێدا دێت و لاپەڕەی مێژوو هەڵدەداتەوە، لە مەڕ چاک و پیران، ژیانی لادێ و خۆشی و ناخۆشی خەڵک و هەرەوەز و دەستەوام، ڕووداوەکانی سەردەمی پاشایەتی و شاخی هێلوێ و مینەشەم و موعێنی و کوژران و لە داو خستنی هەڵۆکانی شاخ و خاسەکەوێ لەو کەلە هەڵنیشتووە... ئەسپی خامەی تاوەدات و ناسنامەی کەژ و کۆسار و کێڵگە و کانی و ڕووبار، باغی شێخ وسوو، قلیج بابا، کونەورچێ و کانی و دەراوان، خوێنەران زۆرتر تامەزرۆیی خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەکات.